# ڕاگەیاندنێکلەکەمپینی دژی فتوای ئیغتیسابی کچانی 10ساڵەوە

ئاکامێکی ڕاستەوخۆی هێرش وپەلاماری ئەمریکا بۆسەر عێراق،گۆڕینی ئەم کۆمەڵگایە بوو بۆگۆڕەپانێکی لەبار بۆ چالاکی وهەڵسووڕانی هارترین وپیسترین ڕەوت ودەستەوتاقمی ئیسلامی وقەومی وعەشائری.تیرۆریزمی ئەمریکی وتیرۆریزمی ئیسلامی پێکەوە ژیان وهەست ونیست وچارەنووسی کۆمەڵگای عێراقیان کردە بارقەڵا وبارمتەی ئامانجە دژی ئینسانی وکۆنەپەرستانەکانیان.سەرباری هەڵتەکاندنی سەرتاپای بنەمای ماددی وئابووری وکۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە،لەژێر ڕەحمەتی مووشەکباران وبۆمبارانی هێزەکانی ئەمریکا لەلایەك، وکارەتیرۆریسیتی وتەقینەوە هەمەڕۆژەکانی ئیسلامی سیاسی وپاشماوەکانی ڕژێمی بەعس،لەولای تروەوە،بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان بەشوێن دەستپێکردنی جەنگی ئەمریکادا تائیستا 100هەزار ئینسان بوونەتە قوربانی.ئەمەش شتێکی ئەوتۆی کەمتر نییە لەئینسانکوژیەکانی ڕژێمی فاشیستی بەعس.

ڕەوتە ئیسلامییەکانیش بەمەبەستی داسەپاندنی حکومەتی ئیسلامی لەچەشنی تالیبان وجمهوری ئیسلامی ئێران،بەدەمەزەردکردنی شمشێرو چەقۆی نامووسپەرستی وپیاوسالاری،یەکەمین پەلامارەکانیان بۆسەر کەسایەتی ومافەکان وحورمەتی لایەکی کۆمەڵگای عێراق،یانی ژنان دەستپێکرد.بەبێ جیاوازی هەرهەموو جەریان وگروپ وتاقمە ئیسلامییە دڕندە ودژبەژن ودژبەئینسانەکان لەهەرجێگایەکی ئەم وڵاتە دەستیان ڕۆیشتبێت،بەزۆر حجابیان کردۆتە سەر ژنان وکچان وبەناوی نامووسپەرستییەوە هەزاران ژنیان خەڵتانی خوێن کردووە.تەنانەت گوشاری ئیسلامی سیاسی بۆبەئەفغانستانکردنی عێراق گەیشتە ئەوەی کەمجلیسی حوکمی کاتی بڕیاری داشەریعەی ئیسلامی جێگای یاسای ئەحوالی شەخسی بگرێتەوە،کەسەری کێشا بەبەردی بزووتنەوەی شارستانیدا.

ئەم دواییەش کەئەمریکا هێرشی دڕندانەی بۆسەر شارۆچکەی فەللوجە بەبیانووی پاککردنەوەی لەتیرۆریستانی ئیسلامی دەستپێکرد، مۆڵگەی ئیسلامییەکان لەم شارە بۆ بزوواندنی ئەحساسی نامووسپەرستانەی خەڵکی ئەم شارە بەدەرکردنی فتوای مارەکردنی کچانی تەمەن 10ساڵ وبەرەوژوور لەمجاهدەکان،بەوبیانووەی کەئەگەر سەربازە ئەمریکیەکان بێنە ناو شارەکەوە ئیغتیسابیان دەکەن،وویستیان لەم ئیحساسە گەندەڵە کەڵك وەربگرن وهێزپەیدابکەن.

ئەوە بوو ئێمەش بۆ پشتیوانی لەڕاگەیاندنی سەنتەری بەرگری لەمافی منداڵان ئەم کەمپینی ئیمزاکۆکردنەوەمان ئەنجامدا.وە تائێستا زیاتر لە120 کەس لەهەر چوارگۆشەی جیهانەوە پشتیوانی بێدریغی خۆیان لەم کەمپینە ڕاگەیاندووە.من لێرەدا بەناوی کەمپینەکەمانەوە سەرەتا وێڕای پێزانین ودەستخۆشانە لەهەموو ئەم ئازیزانەی دەنگی نارەزایەتی خۆیان خستە پاڵ دەنگی ئێمەوە بۆڕیسواکردنی فتوادەرانی ئیغتیسابی کچانمان لەشاری فەللوجە،ئەوە ڕادەگەیەنم کەئەمەی ئێمە گۆشەیەکی زۆر بچووکە لەو هێزە عەزیمەی سکۆلاریزم وجیهانی شارستانی کەلەشوباتی 2003دا بەهێزی 10ملیۆنییەوە ڕژانە دەرەوە بۆبەرگرتن بەم جەنگە کۆنەپەرستانەیەی کەئەمریکا لەعێراق بەناوی جەنگ دژی تیرۆر بەرپای کرد،وئێستاش ئەبینین چۆن ئەم دوو بەرە تیرۆریستە یەك ئەوی تریان بەرهەم دێننەوە لەعێراق.داواتان لێ دەکەم بەهەرشێوەیەك کەبۆتان مناسبە بۆلەکارخستنی کارنامەی ئیسلامی سیاسی وتەریکخستنەوەیان لەکۆمەڵگای عێراق،وگێڕانەوەی مەدەنییەت بۆ ئەم وڵاتە تێبکۆشن.

هەرلێرەشدا سوپاس وپێزانینی خۆم بۆ بەڕێزان گەرمیانی وئامادەبووانی ژوورەکەی وهەمەتی دلسۆزانەی کاك عومەر فارس بەڕێوەبەری ماڵپەڕی کوردستاننێت ڕائەگەیەنم بۆبەتەنگەوەهاتنیان لەمبارەیەوە.وەهەموو لایەکیش ئاگادار ئەکەمەوە کەئەم ژمارەیە لەناوی پشتگیریکەر لەکەمپینەکەمان ئەخەینە ئیختیاری شێرزاد فاتح بەرپرسی سەنتەری بەرگری لەمناڵان،بۆئەوەی ئەم دەنگە نارەزایەتییە بیگەیەنێتە ئۆرگانە نێودەولەتییەکان ودەزگابەرپرسەکان.لەگەڵ ڕێز وخۆشەویستی بێپایانم بۆ هەموو لایەك.

محمـــد غفــور    لەجیاتی کەمپینی دژی فتوای ئیغتیسابی کچانی 10ساڵ
23نۆڤەمبەر2004